# التطير

# شوومی (ڕەشبینی)

اللغة الكردية – زمانی کوردی

شيخ هيثم سرحان – شەيخ هەيسەم سەرحان

مافی چاپکردن و بڵاوکردنەوە ڕێگەپێدراوە بۆ هەموو موسڵمانێک

http://sarhaan.com

http://MAHADSUNNAH.COM

# شوومی (التطير)

گواستنەوەی نەخۆشی و شوومی و بایەقوش و صەفەر و کاریگەری ئەستێرە و دێو بوونی نییە

شوومی (التطير) چییە ؟ وە بۆ ئەو ناوەیان لێ ناوە ؟

شوومی بریتییە لە رەشبینی لەوەی روو دەدات لە بینراوەکان یان بیستراوەکان یان رۆژەکان یان مانگەکان یان جگە لەوانە .

وە بە ئەو ناوەوە ناونراوە چونکە بنەمای رەشبینی لای عەرەب لە باڵندەکانەوە دەستی پێکرد ، وە نمونە لەسەر شوومی : رەشبینی بە بینینی هەندێ باڵندەوە یان گیاندارەوە وەکو قەلەرەش یان (کونەپەپو) یان پشیلەی رەش ، رەشبینی لە بینینی مرۆڤی کەم ئەندام ، رەشبینی بە هەندێ رۆژەکانەوە یان مانگەکانەوە وەکو مانگی صەفەر ، رەشبینی بە هەندێ لە ژمارەکانەوە ، ئەوەتا هەندێ لە بیدعەکاران رەشبینی دەکەن بە ژمارەوە (دە)وە ، وە رۆژئاواییەکان رەشبینی دەکەن بە ژمارە سیازدەوە ، رەشبینی بە شکاندنی شتێکەوە یان بەربوونەوەی ، رەشبینی بە کەش و هەواو بورج و شوێنەکانەوە .

ئەو شوومییەی کە نەهی لێکراوە کامەیە ؟

ئەوەیە کەوا لە مرۆڤ بکات بچێت بە دەم ئەو کارەوە کە دەیەوێت بیکات یان وازهێنان لەوەی کە دەیەوێت بیکات ، بەڵام کە مرۆڤ لە ناخی خۆیدا دەیبینێتەوە کاتێ شتێک دەبینێت یان دەیبیسێت خۆش بێت یان ناخۆش بێت ، ئەوە کارێکە لۆمەی لەسەر ناکرێت ، ئیللا مەگەر لە گەڵیدا شۆڕ ببێتەوە کاری پێ بکات بە کردن یان وازهێنان.

ئایە شوومی بیروباوەری کەسی موسڵمان لەکەدار دەکات ؟

وەڵام : بەڵێ .

چونکە پشت بەستن بە خوا لاواز دەبێت ، وە دڵی پەیوەست دەبێت بە جگە لە خواوە ، بە شتێکەوە نە قازانجی هەیە و نە زەرەر .

ئایە شوومی شیرکی گەورەیە یان شیرکی بچووکە ؟

شوومی شیرکی بچووکە لە گەڵ کەمالی ئەو تەوحیدە واجیبە ناگونجێ و جیاوازە ، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی : شوومی شیرکە ، شوومی شیرکە (سێ جار)

وە لە فەرموودەیەکی ترا هاتووە : (گواستنەوەی نەخۆشی و شوومی بوونی نییە )

وە هەرکەسێک تووشی نەخۆشی شوومی بوو ئەوە چی پێویستە لەسەری ؟

پێویستە لەسەری تەوبە بکات و بگەڕێتەوە بۆ لای خوا ، وە سوننەتە بڵێت : (اللهم لا خیر الا خیرک , و لا طیر الا طیرك ولا اله غیرک)

کەسی موسڵمان چۆن نەخۆشی شوومی لە خۆی دوور دەکاتەوە ؟

یەکەم : بە راستییەوە پشت بە خوا ببەستێت .

دووەم : بە بەهێزکردنی باوەڕی بە قەزا و قەدەری خوا .

سێیەم : بە زانست ، جوڵانەوەی باڵندەیەک یان جگە لە ئەوە هیچ کاریگەری لە موڵکی خوای گەورە و لە قەزا و قەدەری خوادا نییە .